# باعەدرێ پێویستی بە پرۆژەی ئاوو دروستکردنی نەخۆشخانەیەک هەیە

## هاووڵاتیانی باعەدرێ داوای تاپۆکردنی خانووەکانیان دەکەن

- پێویستمان بە کۆمەڵگایەکی وەرزشی و کتێبخانەی گشتی هەیە
- پێویستمان بە کارو پڕۆژەی قیرتاو و شۆستە هەیە
- دانان و دروستکردنی وێستگەیەکی گۆڕینی کارەبا پێویستە

باعەدرێ پێشـــتر گوندێکی ٤٠ ماڵی ســـەر بە قەزای شێخان بوو، باعەدرێ لەساڵی ١٩٩٨ بۆتە ناحیەو ١٣ گوند لەخۆدەگرێت کە سێ گوندی ئاوەدان نەکراونەتەوە، ژمارەی دانیشـــتوانی ناحیەکە ١٣٧٨٠ کەســـەو ڕووبەرەکەشی ٥٨٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەیەو لەپێکهاتەی سەرەکی ئێزیدین و موسڵمان پێك دێت و چەندین پەرستگاو شوێنەواری ئاینی برایانی ئێزیدی لەخۆدەگرێت، باعەدرێ لەدوای ئەوەی بوو بە ناحیە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردســـتان کارو پڕۆژەی بۆ ئەنجامدراوە، بـــەڵام لەگەڵ فراوانبوونی ناحیەکەو زیادبوونی ژمارەی دانیشـــتوانی لەلایەن خەڵکی ناحیەو سنوورەکە گلەیی لەسەر گرفتە خزمەتگوزارییەکان و نەبوونی فەرمانگە پێوەندارەکانی حکومەت لە ناحیەکە هەیە. گۆڤاری گوڵان ســـەردانی باعەدرێی کردوو لەنزیکەوە چەند هاووڵاتیەکی دواند، ئەو داواکاری و ڕەخنانەی هاووڵاتیانمان ئاراســـتەی ( شـــەماڵ محەمەد ئەدیب ) کرد، پوختەی رەخنەو داواکارییەکانی هاووڵاتیان و وەڵامی بەڕێوەبەری ناحیەی باعەدرێ لەم ڕاپۆرتەدا بڵاو دەکەینەوە.




















## هاووڵاتیان:
## هیچ پڕۆژەیەکی یەکەی نیشتەجێبوون لە باعەدرێ ئەنجام نەدراوە و زەویش لەلایەن شارەوانییەوە بەسەرمان دابەش ناکرێت

هاووڵاتیانی باعەدرێ گلەیی و رەخنەیان لەسەر کەمی کارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان دەربڕی، ئەمە لەکاتێکدا ئەم ناحیەیە تادێت ژمارەی دانیشتووانی رووی لەزیادبوون کردووە، لەگەڕەکی شەنگاریان هاووڵاتی سەعید خەلەف وتی: بەهۆی خراپی و کۆنی تۆڕی ئاویخواردنەوەی گەڕەکەکەمانەوە گرفتی ئاومان تا ڕادەیەك هەیە، بۆڕی ئاویخواردنەوەکەمان جگە لەوەی کۆنە بچووکیشە بەپێی پێداویستی هاووڵاتیان نییە. لەلایەکی تریشەوە لەرووی ئاوەڕۆوە گرفتمان هەیە بەرادەیەك لە گەڕەکەکەمان تەنیا یەك شەقام پرۆژەی ئاوەڕۆی هەیە، بۆیە یەکێك لە کێشەکانی ئەو گەڕەکە بەتایبەتی لەوەرزی زستاندا نەبوونی ئاوەڕۆیە. هەر لەهەمان گەڕەك هاووڵاتی خدر قاسم وتی: کێشەو گرفتی خزمەتگوزاری زۆرمان هەیە کۆڵان و شەقامەکانی ئەو گەڕەکە زۆر خراپ و بێسەروبەرە زۆربەی کۆڵانەکان قیرتاوی بۆ نەکراوە، هەروەها کێشەی قەرەباڵغی زۆری قوتابیمان لە قوتابخانەکاندا هەیە ئەو قوتابخانەی گەڕەکەکەمان زیاتر لە٧٠٠قوتابی لێیە و دوو دەوامیشە، لەلایەکی تر ئەو قوتابخانەیە تەنیا یەك کارمەندی کەمئەندامی خزمەتگوزاریان هەیە ئەویش ناتوانێت کارەکانی خزمەتگوزاری بۆ قوتابخانەکە بەباشی ئەنجام بدات. لەلایەکی ترەوە ژمارەیەك لەو خێزانانەی کە لەحەفتاکاندا ڕاگوازراونەتەوە یا لەم دواییەدا بەهۆی کارە تیرۆرستیەکانەوە بۆ باعەدرێ کۆچیان کردووە گرفتی ماددەی ١٤٠ یان هەیە؛ لەمبارەیەوە هاووڵاتی بارزان خودێدە وتی: زۆربەی خەڵکی ئەو گەڕەکە کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە لەساڵانی ١٩٧٠ەوە ڕاگوازرانەوە بۆ ئەم سنوورە کەچی تا ئێستا مادەی ١٤٠ ئێمەی نەیانگرتۆتەوە تاوەکو قەرەبوو بکرێنەوە، سەرەڕای ئەوەش گرفتی زۆری خزمەتگوزاریمان وەکو کەمی ئاویخواردنەوەو نەبوونی ئاوەڕۆ و نەهاتنی تیمەکانی پاککردنەوەی شارەوانی بۆ ناو کۆڵان و گەڕەکەکەمان هەیە. هەروەها هاوڵاتی هەیفاخان وتی: یەکەی ئیداریی بەعدرێ چەندین پرۆژەی بۆ ناحیەکەمان ئەنجامداوە بەڵام لەگەڵ گەورەبوونی ناحیەکە تادێت پێداویستییەکان روو لە زیادبوون دەکات، بوونی گرفتی ئاویش بۆ ئەم هۆکارە دەگەڕێتەوە بۆیە داواکارین لەحکومەتی هەرێم گرنگیەکی زۆر بەپرۆژەکانی ئاویخواردنەوەو نوێکردنەوەی تۆڕی ئاویخواردنەوە بدات، سەبارەت بەداواکارییەکانی بواری تەندروستیش ئەم هاووڵاتییە وتی: لەبنکە تەندروستیەکەمان پێویستمان بەپزیشکی پسپۆرو شارەزا هەیە بەتایبەتی پزیشکی پسپۆری لەدایکبوون و منداڵان، چونکە ئێستا لەزۆربەی حاڵەتەکانی نەخۆشی بۆ پشکنین و چارەسەرکردن دەبێت سەردانی شاری دهۆك یا شوێنی تر بکەین، ئەمەش لەگەڵ بارودۆخ و گوزەرانی خەڵکی ئەم شارۆچکەیە ناگونجێت. سەبارەت بەنەبوونی تاپۆی خانووەکانیش هاووڵاتی سلێمان حوسین لە گەڕەکی قەسرێ وتی: داواکارین حکومەتی هەرێم کارو مامەڵەی تاپۆی خانووەکانمان بۆ بکات، لەلایەکی تر هیچ پڕۆژەیەکی خانوو یەکەی نیشتەجێبوون لە باعەدرێ ئەنجام نەدراوە و زەویش لەلایەن شارەوانی ناحیەوە بەسەرمان دابەش نەکراوە تاوەکو ناحیەکە زیاتر پێش بکەوێت، هەروەها پێویستە لەرێگا سەرەکییەکەی باعەدرێ پردی پەڕینەوە دروست بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەو ڕێگایە قەرەباڵغی زۆر لەسەرەو بەناو ناحیەکەش دەڕوات بۆیە ڕووداوی هاتوچۆی زۆری لێ دەکەوێتەوە، هەروەها پێویستمان بە یەکەیەکی فریاکەوتنی خێرای تەندروستی هەیە بۆ حاڵەتە کتوپڕو لەناکاوەکان، هەروەها فەرمانگەی کارەباو ئاو و بەرگری شارستانی و دادگا لە ناحیەکەدا نییە، سەنتەری شارۆچکەکە ١٤٠٠ماڵە کەچی بنکەی تەندروستییەکی هەیە. هەروەها هاووڵاتییەکی تر بە ناوی خالید سەعید لە گەڕەکی ماڵچەپەری وتی: ئێستا ویستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا لە باعەدرێ دامەزراوە و خەڵکی ئەو ناحیەو سنوورە پێویستیان بەدامەزراندنە، کەچی لەو وێستگەیە کەسی ئێمەو سنوورەکەیان لێ دانەمەزراوە تەنیا دوکەڵی پیس بەسەرمان دادەدەن و ژینگەکە پیس دەکەن، هەروەها ئێستا کۆمپانیایەك خەریکی دەرهێنانی نەوتە لەسنووری ناحیەکەمان و ئەو کۆمپانیایەش بەهەمانشێوە خەڵکی ناحیەکەی لەم کارو پڕۆژە گرنگە کار پێ ناکات. وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان کەمترین پرۆژەو کاری بۆ باعەدرێ ئەنجام داوە لەمبارەیەوە هاووڵاتیەك بەناوی قاسم سلێمان وتی: لەبواری وەرزش و لاوان کەموکوڕی و گرفتمان زۆرە و پێویستمان بە کۆمەڵگایەکی وەرزشی و کتێبخانەی گشتی هەیە و لەڕووی گۆڕەپان و یاریگادا پشتگوێخراوین، بۆیە داواکارین لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە بەرنامەی ئەمساڵدا کارو پڕۆژەی پێویستی وەرزشی و لاوانی بۆ باعەدرێ ئەنجام بدەن.









**شەماڵ محەمەد ئەدیب بەڕێوەبەری ناحیەی باعەدرێ بۆ(گوڵان):**

# بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاویخواردنەوە پێویستمان بە دروستکردنی کۆگایەکی گلدانەوەی ئاوو بیرهەڵکەندن و نوێکردنەوەی تۆڕی ئاویخواردنەوەی هەندێک گەڕەک هەیە

**ماستەرپلان بۆ باعەدرێ پەسەند نەکراوە و کێشەی کوژاندنەوەی زەویش هەیە**

### نەبوونی ماستەرپلان

سەبارەت بە ماستەرپلان و گرنگی بۆ ناحیەی باعەدرێ بەتایبەتی لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر نییە باعەدرێ بۆتە ناحیە و بۆ بەرفراوانبوون و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان پێویستی زۆر بە نەخشەو دیزاین دەبێت بەڕێوەبەری ناحیەی باعەدرێ وتی: شارەوانی ئەرك و ماندووبوون و پرۆژەیەکی زۆری گەورەی خزمەتگوزاری و گەشەکردنی لەئەستۆدایەو گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، کێشەی هەرەسەرەکی شارەوانی هەر شوێنێك بێت ماستەرپلانە، چونکە ماستەرپلان نەخشەی بنەڕەتی و وردەکاری هەموو پێکهاتەو پێویستییەکانی لەخۆدەگرێت، بۆیە پێویستە هەموو شارو شارۆچکەیەك ئەم پرۆژە گرنگەی هەبێت، نەبوونی ماستەرپلان ئاستەنگ لەبەردەمی هەموو کارو پرۆژەیەك و بەرفراوانبوون دروست دەکات، هاوشانی ماستەرپلان کوژاندنەوەی زەوی کارو پرۆسەیەکی زۆر گرنگ و پێویستە، لەکاتێکدا نەتوانرا کاری کوژاندنەوەی زەوی کشتوکاڵی بۆ سنووری شارەوانی و نیشتەجێبوونەوە ئەنجام بدرێت ئەوە ناتوانرێت شارۆچکەکە بەرفرەوان و پرۆژەی یەکەی نیشتەجێبوون دروست بکرێت و زەویش بە هاووڵاتیان بدرێت، بەڵام لەکاتێکدا بەپێی یاساو ڕێنماییەکان توانرا زەوی کشتوکاڵی کوژاندنەوەی بۆ ئەنجام بدرێت و قەرەبووی خاوەن زەویەکان کرایەوە ئەوە کێشەی ئەنجامدانی پرۆژەو بەرفرەوانبوونی سنووری شارەوانیمان نابێت، لەمبارەوە تائێستا ماستەرپلان بۆ باعەدرێ پەسەند نەکراوە و کێشەی کوژاندنەوەی زەویشمان هەیە، هەربۆیەش نەتوانراوە بەپێی پێویست کارو پرۆژەی خزمەتگوزاری جێبەجێ بکرێت.

### پێکەوەژیان و لێبوردەیی

سەبارەت بە پێکەوەژیان و لێبوردەیی لەسەنتەری ناحیەو سنوورەکەدا بەڕێوەبەری ناحیەی باعەدرێ وتی: باعەدرێ پێکاتەو ڕێژەی سەرەکی برایانی ئێزیدین و ڕێژەیەکیش موسڵمانن، ئەگەر بەوردی بچینە ناو ئەو پەیوەندییەی لەنێوان ئیزیدی و موسڵمانەکان هەیە دەبینین لەدێرزەمانەوە بەیەکەوە ژیاون و لەهەموو کێشەو ڕووداوێکیشدا ئەگەر لەنێوانیان ڕوبدات هەر خۆیان لەنێوان خۆیان بە گیانێکی لێبوردەیی چارەسەری دەکەن و هاوکاری و هەماهەنگیەکی بەهێز و باش لە نێوانیان هەیە لە بۆنە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکاندا سەردانی یەکتر دەکەن، هەر ئەو تەبایی و لێبوردەییەیە کەوایکردووە ئێمە وەکو یەکەی کارگێڕی لە کارو پرۆژەو بڕیارەکاندا سەرکەوتووبین.

**داواکارین لەسەر ڕێگای سەرەکی پردێکی پەڕینەوە بۆ هاتوچۆی خەڵك و دوو ژێر پرد بۆ پەڕینەوەی مەڕوماڵاتی هاووڵاتیان دروست بکرێت**

### ڕێگای سەرەکی جووت ساید

سەبارەت بە کەموکوڕی ڕێگاوبانەکان و خراپی و قیرتاو نەکردنی کۆڵان و شەقامەکانی هەندێك لە گەڕەکەکان بەڕێوەبەری شارۆچکەی باعەدرێ وتی: بۆ گەشەکردن و ئاوەدانبوونەوەی هەر شوێنێك ڕێگاوبان زۆر گرنگە و کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە، باعەدرێ کەوتۆتە سەر ڕێگای سەرەکی نێوان دهۆك — هەولێر و قەرەباڵغیەکی زۆری لەسەرە و ئەو ڕێگا لەساڵی ڕابردوو بەرفرەوانکرا، بەڵام پێویستبوو ئەو ڕێگایە بەشێوەیەکی باشتر کاری تێدا بکرابووایەو داواکارین ئەو ڕێگایە بکرێتە جووت ساید و لەسەر ئەو ڕێگا سەرەکییە پردێکی پەڕینەوە لەنێوان کۆمەڵگای کارگێڕی و شارۆچکەکە بۆ هاتوچۆی خەڵکەکە دروست بکرێت لەگەڵ دوو ژێر پرد لەسەر هەمان ڕێگا بۆ پەڕینەوەی مەڕوماڵاتی هاووڵاتیان. هەروەها بۆ ناو سەنتەری شارۆچکەکە لە چەندین شوێن و گەڕەکدا ئەوە شەقام و کۆڵانەکان پێویستیان بە کارو پرۆژەی شۆستەو قیرتاوکردنە، چونکە ئێستاکە ئەو خراپی و بێسەروبەری کولانەکان و قیرتاو نەکردنیان هۆکارێکی گلەیی خەڵکی باعەدرێیە کە ئەوەش بەهەقی خۆیانی دەزانین، هاوکات لە هەندێ شوێنی سەنتەری ناحیەکەدا پێویستیمان بەبەرفراوانکردنی کوڵان و شەقامەکان هەیە. بۆنموونە شەقامی سەرەکی ناو شارۆچکەکە کە لەئێستاوە دەست پێدەکات تا دەگاتە بینایەی کۆنەکەی ناحیە. هەروەها لەبەر ئەوەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیەکی تایبەت بە باعەدرێ و سنوورەکەی دەدات و پێشینەی خانووبەرش ئەو سنوورەی گرتۆتەوەو خەڵکێکی زۆر سوودی لێوەرگرتووە بۆیە بەبەردەوامی خانوو لە ناو شارۆچکەکە دروست دەکرێت و لەئەنجامدا کوڵان و شوێنی زۆر لەسنووری شارەوانی ئێستاکە هەیە کە خزمەتگوزاری قیری پێ نەگەیشتووە، بۆیە ساڵانە بەبەردەوام لە ناو ناحیەی باعەدرێ پێویستیمان بە کارو پرۆژەی قیرتاو و شۆستە هەیە.

### کێشەی کەمی ئاومان هەیە

سەبارەت بە کێشەی کەمئاوی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو بوارە خزمەتگوزارە گرنگە

بەڕێوەبەری ناحیەی شارۆچکەکە وتی: ئێمە لەناو سەنتەری شارۆچکەو گەڕەکەکان کێشەی کەمی ئاومان هەیە ئەوەش بۆ نەبوون یا کەمی و بچوکی کۆگای گلدانـــەوەی ئاویخواردنەوە دەگەڕێتەوە، بۆ چارەســـەرکردنی ئەو کێشـــەیە پێویستمان بە دانان و دروســـتکردنی کۆگایەکـــی گلدانەوەی ئـــاو بە قەبارەی هەزار مەترســـێجا و لە ناوچەی کۆمەڵـــگای کارگێـــڕی پێویســـتە بیرێکی ئاو هەڵکەندرێت لەگـــەڵ دانانی کۆگایەکی کانزایی بۆ گلدانەوەی ئاو هاوکات لەگەڕەکی شـــەنگاریا کێشـــەی تۆڕی ئاویخواردنەوەمان هەیە بەدرێژی دوو کیلۆمەتـــر بەچاککردنـــی ئەو تـــۆڕی ئاوە کێشەی کەمئاوی لەم گەڕەکە بەتەواوی نامێنێت، هەروەها گوندی شـــێخ هەسەن کە لەنزیك ناحیەیە و کێشەی نەبوون و کەمئاویخواردنەوەی هەیە بۆیە پێویستە بیرێکی بۆ هەڵکەندرێت.

**کەرتی تەندروستی پێویستی بەئاوڕلێدانەوە هەیە**

سەبارەت بەکەرتی تەندروستی کێشەو گرفتەکانی بەڕێوەبەری باعەدرێ وتی: لە بواری تەندروستی دا لەچەندیـــن رووەوە کەموکوڕی و گرفت هەیە لەوانە پێویســـتمان بە بنکەیەکی تەندروســـتی یا نەخۆشـــخانەیەکی بەرفراوان و چەند قەرەوێڵەیی هەیە کـــە هۆڵـــی نەشـــتەرگەری و منداڵان و لەدایکبوونی و بەشی ســـۆنارو تیشك و ئامێری پشـــکنین و داودەرمانی بەپێی پێویست تێدا بێت، بەڵام ئێســـتا وەکو چارەســـەرێکی کاتی پێویستە چەند پزیشکێکی پسپۆڕو ئافرەتان و نەشتەرگەری بۆ بنکەی تەندروستی باعەدرێ لەلایەنی پێوەندار بۆ ناحیەکە دابین بکرێت و بنکەیەکی ئێشـــکگر و بەشـــی فریاکەوتنیشی کە دواکاری هاووڵاتیانە لێ بکرێتەوە. هاوکات لە بنکەی تەندروستی ناو ســـەنتەری ناحیەکەو گوندەکان کێشـــەی کەمی داودەرمانمـــان هەیە و هەندێ دەرمانیش هەیە کە بۆ ئێمە دێت ماوەی بەســـەرچوونیان زۆرنەماوە و سوویان لێوەرناگیرێت.

**دوو دەوامی و سێ دەوامی لە قوتابخانەکان**

ســـەبارەت بە کەمی بینایەی قوتابخانەو هەبوونی دوو دەوامی و ســـێ دەوامی و کەمی مامۆستا بەڕێوەبەری ناحیەی باعـــەدرێ وتی: هەرچەندە لە ســـاڵی ڕابردوو لە باعـــەدرێ قوتابخانەیەکی ١٨پۆلی دروستکراوە کە بەشێکی زۆر لە کێشەی بینا یـــە و قەرەباڵغـــی نـــاو قوتابخانەو

**لەپێشینەی خانووبەرە تا ئێستاکە بەهەموو سنوورەکە ٨٥٠خێزان سوودمەندبوون**

پۆلەکان و کێشـــەی دوو دەوامی و ســـێ دەوامی چارەســـەر دەکات، بەڵام هێشـــتا لەناو سەنتەری ناحیـــەدا چەنـــد قوتابخانەیەکـــی دوو دەوامی تێدا ماوە، چونکە ســـاڵ لەدوای ســـاڵ ڕێژەی قوتابیان زیاتر دەبێـــت، بۆیە داواکارین لەبەرنامەو پلانـــی ســـاڵی ٢٠١٣ قوتابخانەیەکـــی تری بۆ بەرژەوەندی خەڵکی ناحیەکە دروســـت بکرێت بەم بینایەش کێشەی دوو دەوامی و سێ دەوامیمان لە قوتابخانەکان بەتەواوی چارەسەر دەبێت.

**وێستگەیەکی گۆڕینی کارەبا**

ســـەبارەت بەبواری کارەبا و کێشـــەو گرفتەکانی بەڕێوەبەری ناحیەی باعەدرێ وتی: لە باعەدرێ کارو ئیشـــی بـــاش لەبـــواری کارەبـــادا لەژێر ئەنجامدانە، بەڵام ئێمە ئێســـتاکە لەبەر زۆربوونی خەڵك و زیادبوونی ئامێرو پێداویســـتی کارەبا ئەوە لۆدی سەر مەحویلەکانی ناو شارۆچکەکە قورسە بۆیە پێویســـتمان بە دانانی چەند مەحاویلەیەك و گۆڕین و نۆژەنکردنـــەوەی تۆڕی کارەبای چەند گەڕەکێك هەیە، لەهەمووی گرنگتر کە باعەدرێ لەبواری کارەبا پێویستیەتی دانان و دروستکردنی وێســـتگەیەکی گۆڕینی کارەبایـــە، لەبەر ئەوەی ڤۆڵتیـــە زۆر نزمـــە و بەم وێســـتگەیە دەتوانرێت ڤۆڵتیە بەپێی پێویســـت و ستانداردی خۆی بێت و خەڵکەکەش لەو کاتەدا ســـوودی باشتر و زۆرتر لەکارەباکە وەردەگرن. هاوکات شـــەقامی گشتی و ســـەرەکی شارۆچکەکە پێویســـتی بە پڕۆژەی ڕوناککردنەوە هەیە، هەرچەندە ئێمە بۆ ئەو پڕۆژەیە داواکاریشـــمان لەلایەنی پێوەندارکردووە، بەڵام تا ئێستا ئەو پڕۆژەیە ئەنجام نەدراوە، بۆ کاری کارەبا لە ســـەنتەری ناحیەو سنوورەکە بنکەی کارەبامان نییە، بەڵکو ئێمـــەو ناحیەی ئەتروش بەهەر دووڵا تیمەکـــی چاککردنەوەمان هەیە کـــە هەفتەیەك بۆ ئێمـــە و هەفتەیەکی تر بۆ ئەتروش کار دەکـــەن و تەنیا یەك ئۆتۆمبێلیان هەیە و ئەمەش کێشـــەیە، بۆیە داواکارین و پێویستمان بە فەرمانگەی کارەبایە بۆ چاککردن و زاڵبوون بەســـەر هەر کارو کێشەیەکی کارەبا کە لـــە ناحیەکە ڕووبـــدات، لەلایەکی تر وێســـتگەیەکی کارەبا لەلایـــەن وەبەرهێنانەوە لە باعەدرێ دامـــەزراوە و ئەم وێســـتگەیە گلەیی و گازندەی هاووڵاتیانی لەســـەر بـــووە لەبارەی دوکەڵەکەی و پیســـبوونی ژینگـــە ئێمە دوو تا سێ نووسراوی فەرمیمان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە داوە بە وێستگەکەو لایەنی تر و لەئەنجامدا وەڵامیان ئەوەبووە کە فلتەر بۆ دووکەڵ کێشـــەکە دادەنێن و چارەســـەری کێشەکە دەکەن و بەهەمان شێوە بەڕێوەبەرایەتی کارەبای پارێزگاری دهۆکیش پێیان ڕاگەیاندوین و پشـــتگیری داواکارییەکەیان کردوین و پێیان راگەیاندین کە هێشـــتا وێستگەکە کاری تەکنیکی و جۆری تری ماوە لە هەر کاتێك بەتەواوی کاری تێدا نەما و بەفەرمی کاری کرد ئەوە لەو کاتەدا کێشەی دوکەڵکەش بە فلتەردانان کۆتایی پێدێت. هەروەها داوامان لە وێســـتگەکەو وەبەرهێنەکە کردووە کە کار بەخەڵکی ســـنوورەکە بکـــەن و ئەوانیش بەڵێنیـــان پێداوین لەهەر کاتێك پڕۆژەکە کۆتایی پێهات ئەوە خەڵکی سنوورەکەش تێدا دادەمەزرێن .

**کۆکردنەوەو خۆڕزگارکردن لە زبڵوخاشاك**

ســـەبارەت بە کۆکردنـــەوەو خـــۆ ڕزگارکردن لە زبڵوخاشـــاك بەڕێوەبەری ناحیەی باعەدرێ وتی: خۆشـــبەختانە هەنگاوێکی بـــاش و هاوچەرخ و زانســـتی و تازە بۆ کۆکردنـــەوەو خۆ رزگارکردن لە زبڵوخاشـــاك لە ســـنووری پارێزگای دهۆك و چەند قەزایەکـــی هاتۆتە جێبەجێکردن ئەو کارەش بە سستەمێکی تازەیە کە کەرتی تایبەت بە ئەرك و ئیشەکان هەڵدەســـتێت و بۆ خۆ ڕزگارکردن لە زبڵوخاشـــاکەکەش لە ناوچەی کاشـــێ لە دهۆك کارگەی ڕیسایکلین دانراوە و ئێستاکە کۆمپانیای تۆڤی کاری پاککردنەوەو گواستنەوەی زبڵوخاشاکی ناحیەکەمـــان بەڕێوە دەبات و ئەو زبڵوخاشـــاکەی ڕۆژانـــە کۆی دەکەنەوەو دەیگوازنەوە بۆ کارگەی ڕیســـایکلینی کاشـــێ، هەر بۆیەش ئێســـتاکە شـــارۆچکەکە زۆر لەجاران و ســـاڵانی ڕابردوو پـــاك و خاوێنترە، چونکە پێشـــتر لەمبارەوە



## گوندی شێخ هەسەن کە لەنزیك ناحیەیە و کێشەی نەبوون و کەمئاویخواردنەوەی هەیە

کێشـــەو گرفتی زۆرمان هەبوو، هەروەها ئێستاکە ئێمـــەو شـــارەوانیش بەدواداچوون بـــەدوای کارو تیمەکان کۆمپانیاکە دەکەین لەهەر کەمتەرخەمی و کەموکوڕیەك تێبینـــی و لێپێچینەوەو ڕێنمایی پێویست بەرامبەریان دەردەبڕین.

### وەزارەتی کشتوکاڵ

سەبارەت بەوەزارەتی کشتوکاڵ و کێشەو گرفتەکان و داواکاری هاووڵاتیـــان بەڕێوەبـــەری ناحیەی باعەدرێ وتی: کێشـــەی ســـەرەکی ئەو سنوورە لەمبـــارەوە ئەوەیە کە دابەشـــکردنی تۆو پەینی کیمیایی بـــۆ جوتیاران لە کات و ســـاتی خۆی دابێـــت و دوانەکەوێـــت و لەدوای درووێنەشـــدا داهاتەکانیـــان کە گەنم و جۆیـــە بەزووترین کات لەلایەن حکومەتـــەوە وەربگیرێت نەك ئەوەندە نۆرە لە ســـایلۆکان بگرن، هەروەها پێوستە دوو حەوزی شووشـــتنی مەڕوماڵات لـــە گوندەکانی زهیراو دیرکی دروســـت بکرێت و فەرمانگەی ڤێترنەری لە ناحیەکـــە دابمەزرێـــت و پێداویســـتی کوتان دابین بکرێت، هاوکات پێویســـتمان بەفەرمانگەی کشتوکاڵ و کەشناسی و سایلۆیەك هەیە.

### کارو پڕۆژەی گەشتیاری

سەبارەت بە گەشـــتوگوزارو ئەو کارو پڕۆژانەی لەمبارەوە کراوە یا پێویســـتن بەڕێوەبەری ناحیەی باعەدرێ وتی: دەڤەری باعەدرێ شوێن و مەزارو پەرســـتگایی ئاینی ئێزیدی زۆر لێیە و خەڵکی دەرەوەو ناوخـــۆش زۆر حەز دەکەن ســـەردانی ئەو شـــوێنانە بکەن و لەنزیکەوە شارەزایی و زانیاری لەســـەر کلتـــورو دابونەریـــت و شارســـتانیەتی ئێزیدیان و ئەو شـــوێنانە بزانن، ئەمەش جۆرێکە لـــە گەشـــتوگوزاری و پەرســـتگای لالش کە پەرستگایەکی سەرەکی و پیرۆزی



ئێزیدیانـــە و لەلایـــەن حکومەتـــی هەرێمـــەوە گرنگـــی زۆری پێدراوەو کارو پـــڕۆژەی بەپێی ماستەرپلانێکی وردو هاوچەرخ بۆ دانراوەو کاری لەســـەر دەکەن، جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم خەمخـــۆرو دڵســـۆزییەکی زۆری بۆ ئەو پڕۆژەیە دەربڕی و هاوکاری پشـــتگیری تەواوی هەمـــوو کارو پڕۆژەو پێداویســـتیەکی ئەو لایەنە دەکات ئەمەش بایەخدانێکـــی تایبەتە بە برایانی ئێمەی ئێزیدی کە کوردی ڕەســـەنن و بەدرێژای مێژوو داکۆکـــی و بەرگرییان لـــە کوردایەتی و ڕەسەنایەتی و کوردســـتانییەتی خۆیان کردۆتەوە، بەڵام بەشـــێوەیەکی گشـــتی گرنگی بە لایەنی کارو پڕۆژەی گەشـــتیاری لـــە ناوچەکە نەدراوە و کەموکـــوڕی زۆر لە پانتایی ســـەوزو باخچەو پارکی بەرفرەوان هەیە، ئێمە لەناوسەنتەری ناحیە پێویستمان بە پارك و یاریگای منداڵان و شوێنی حەوانەی گەشـــتیاران هەیە و بەپێویستی دەزانین لەسەر ئەو بەنداوەی لە نزیك سەنتەری ناحیەکەمان هەیە ببێتە شـــوێنی پشـــوودانی گەشـــتیاران، هەرچەندە ئێســـتا بڕیارە لە ناحیـــەی باعەدرێ دارستانێکی بەرفرەوان دروست بکرێت و لەلایەنی باخچەو یاریگای منداڵان و سەیرانگاشـــەوە کارو پڕۆژەی تێدا بکرێت.

### کەموکوڕی بواری وەرزش و لاوان

سەبارەت بە کێشـــەی وەرزش و لاوان بەڕێوەبەری ناحیەی باعەدرێ وتی: کێشە و کەموکوڕی بواری وەرزش و لاوان لە باعەدرێ کێشـــەیەکی گەورەو بەرچاوە و لەمبوارەوە پێویستیمان بە کۆمەڵگایەکی وەرزشی ولاوان و ســـەنتەری ڕۆشنبیری لاوان و ڕاهێنان و پەرتوکخانەی گشتی هەیە.

### دەسەڵاتمان دیاریکراوە

سەبارەت بەکەموکوڕی فەرمانگەکان و دەسەڵاتی دارایی بەڕێوەبەری ناحیەی باعەدرێ وتی: ئێمە وەکـــو یەکەی کارگێڕی و بۆ پێشـــکەوتنی کارو ئیشـــەکانمان چەند فەرمانگەیەك هەیە پێویستە بۆمان دابمەرزێنن، ئەوانیش وەکو فەرمانگەی ئاو و کارەبا و بەرگری شارستانی و هاتوچۆ و دادگا، لەلایەنی دەسەڵاتەوە ئێمە دەسەڵاتمان دیاریکراوەو وەکو یەکەی کارگێڕی زۆر کارو ئیش و پڕۆژەی بچـــوك هەیە ناتوانیـــن ئەنجامی بدەیـــن تاوەکو نووســـراو نەکەین و وەڵامیش وەرنەگرینەوە، ئێمە جگـــە لەو دەرماڵەی بۆ کارو خەرجی بەردەســـت هەمانە هیچ بودجەیەکـــی ترمان نییە و یەکەی ژمێریاریشمان بۆ دانەنراوە. هەبوونی دەسەڵاتەکان وادەکات کارو ئیشەکان بەتایبەتی هەندێ پڕۆژەی

**هەندێ دەرمان هەیە کە بۆ ئێمە دێت ماوەی بەسەرچوونیان زۆرنەماوە و سوویان لێوەرناگیرێت**

بچوك هەیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆو بەماوەیەکی کـــەم تـــەواو بکرێت و نەبێتە جێـــگای گلەیی و گازاندەی هاووڵاتیان.

لەکۆتایدا بەڕێوەبـــەری ناحیەی باعەدرێ وتی: لەماوەی ڕابردوو چەندین پڕۆژەی خزمەتگوزاری بەبڕی یەك ملیارو ســـێ ســـەد و پەنجا ملیۆن دینار لە ســـەنتەری ناحیەو ســـنوورەکەی هاتۆتە جێبەجێکردن لەوانـــە بەدرێژایی ١،٣٠٠کیلۆمەتر شەقام و کۆڵانی ناوخۆی گەڕەکەکانی باعەدرێ ڕێك و کریبســـتۆن کراون، دیوارێکی پاڵپشت لەبۆ هەندێ ماڵ لەســـەر ڕووباری ٥٧٠ ملیۆن دینار دروســـتکراوە، دروســـتکردنە هۆڵێکی بۆنەکان بە گوژمەی ٣٢٠ملیـــۆن دینـــار، نۆژەنکردنەوەی تـــۆڕی ئاوی باعـــەدرێ لە هەنـــدێ گەڕەك و شوێنە لەگەڵ دانانە دوو کۆگای گلدانەوەی ئاو و هەڵکەندنی بیرێکی ئاو بۆ گوندی مام یزیدین کە بـــڕی ٢٠٠ملیۆن دیناریان بـــۆ خەرجکراوە، بەرفرەوانکردنـــی تۆڕی کارەبای ناو ســـەنتەری ناحیەکە لە چەندین گەڕەکە و دانانە ١٥٠ستونی کارەباو ٩مەحەویلەو گەیاندنـــی کارەبا بۆ چەند پـــڕۆژەی ئاوی گوندەکان بۆ ئـــەو بوارەش بڕی ٣٠٠ملیۆن دینار خەرجکـــراوە، چەندین پڕۆژەی

**داواکارین لەبەرنامەو پلانی ساڵی ٢٠١٣ قوتابخانەیەکی تر دروست بکرێت**

تریش، هەروەها لەپێشینەی خانووبەرە تا ئێستاکە بەهەمـوو ســـنوورەکە ٨٥٠خێزان ســـوودمەندبوون، ئەمەش کارێکی گەورەو گرنگ بوو بۆ گەشەکردن و زیاتر ئاوەدانبوونەوە سەنتەری ناحیەو گوندەکان.

سەبارەت بەو کارو پڕۆژانەی کە ئێستا سەنتەری باعەدرێ پێویســـتیانەو لەڕیزبەنـــدی داواکاری پڕۆژەکانـــە کە بۆیان جێبەجێ بکرێت بەڕێوەبەری ناحیەکـــە وتی: ئـــەو پڕۆژانەی کە ئێســـتاکە داوامانکردوە کە بۆمان بیکەن و پێویستە ئەوانەن: قیرتاوکردنی شـــەقامە ناوخۆیەکان بەدرێژی دوو کیلۆمەتر و بەرفرەوانکردنی شەقامی ١٥مەتری و ٢٠مەتری ناوخۆیەکان و پێویستمان بەدروستکردنی باخچەیەك گشتی گەورە هەیە بۆ گەڕەکی گرزەلال و دروستکردنی ئاوەڕۆیەك بەدرێژی ٣٠٠مەتر بۆ گەڕەکی خالەتیـــا و تەواوکردنی ئاوەڕۆی ئاوی قورسی گەڕەکی شەنگاریا بەدرێژی ٢٠٠مەتر و لەناو گەڕەك و ســـەنتەری شارۆچکەکە بە چەند شوێنی جیاجیادا بەدرێژی ٣کیلۆمەتر پێویستمان بە قیرتاو و کۆنکرێتکردن هەیە و چەندین پڕۆژەی تر کە لە برگەو تـــەوەرە خزمەتگوزارییەکانی تر ئاماژەی پێدەکەین.